بە گوڕی 2.3 پلە بە پێوەری ڕیختەر بوومەلەرزەیەک لە هەولێر ڕوویدا



ئەمڕۆ سێشەممە، دەستەی کەشناسی عێراق ڕایگەیاند بوومەلەرزەیەك بە گوڕی 2.3 پلە بە پێوەری ڕیختەر لە شاری هەولێر ڕوویدا.

دەستەکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە، ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە، بوومەلەرزەیەك بە گوڕی 2.3 پلە بە قووڵایی 5. کیلۆمەتر لە هەولێر ڕوویداوە.

ئاماژەی بە ئەوەش کردووە، چەقی بوومەلەرزەکە 30 کیلۆمەتر لە باکووری شاری هەولێرەوە بووە کە بەشێك لە هاوڵاتییان هەستیان پێکردووە.